



**هەستەکانی تۆ**

# من توڕەم

نووسینی: برایان موزس

نیگاری: مایک گۆردن



بۆ فارسی: قاسم کەریمی    لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی



# من تووڕەم


نووسینی: برایان مورس

نیگاری: مایک گۆردن

بۆ فارسی: قاسم کەریمی

لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی

کاتێک تووڕەدەبم، حەزدەکەم وەکو کەرکەدەنێکی کێوی پەلاماری هەموو کەسێک بدەم.



دەمەوێت وەکو
میزەڵانێک بتەقم.






وەکو دەمەقاچان بتەقمەوە.



کاتێک تووڕەدەبم، پێ بە زەویدا دەکێشم،

بەڵام هیچ سودێکی نییە.



یارییەکانم بەملاولادا فڕێدەدەم...






بەڵام کە شتێکم دەشکێنم
دوایی زۆر پەشیماندەبمەوە.

کاتێک باوکم تووڕەم دەکات،
لەگەڵیدا بەعزدەبم و دەڵێم
ئیتر هەرگیز قسەی لەگەڵ ناکەم.




بەڵام هەمیشە لێی دەبوورم.

کاتێک هاوڕێیەکم تووڕەمدەکات، پێیدەڵێم
ئیتر هەرگیز یاریی لەگەڵ ناکەم...



بەڵام هەمیشە پەشیماندەبمەوە.

هەموو کەسێک لە شتێک تووڕەدەبێت. کاتێک دایکم بە ماندووییەوە
دێتەوە بۆ ماڵەوەو ئێمەش دەیکەین بە هەراوهوریا...






لێمان توورەدەبێت.

کاتێک خوشکەکەم دەیەوێت لە کاغەز شتێک دروستبکات،
بەڵام ڕێک دەرناچێت..




«ئادەی با دابنیشین و بزانین
دەتوانین بەیەکەوە چی
دروستبکەین؟»

تووڕەدەبێت.

کاتێک لە هاوڕێکەم تووڕەدەبن لەسەر شتێک کە ئەو نەیکردووە . . .



تووڕەدەبێت.




من خۆشم هەندێکجار کاری وا دەکەم، کە خەڵکی پێ تووڕەدەکەم.




وەک ئەو کاتانەی
ڕێکوپێک نیم، یان
هەڵسوکەوتم جوان نییە.

یان ئەو کاتانەی خیشدەکەم و
تۆپەکەم بەکەس نادەم.




یان کاتێک یاری دەدۆڕێنم و هەموو شتێک بەسەر یەکدا دەدەم.





یان کاتێک گاڵتە بە کەسێک دەکەم
کە دەرەقەتی کارێک نایەت.



کاتێک لە قوتابخانە ڕەفتارێکی خراپ دەنوێنم.



یان کاتێک وەڵامی پرسیارەکان نازانم و قۆپیدەکەم،
مامۆستاکەمان تووڕەدەبێت.



هەموو تووڕەدەبن ، بەڵام من کاتێک دەبینم خەریکم تووڕەدەبم



یەک.. دوو.. سێ... چوار....دە

لە یەکەوە تا دە دەژمێرم،
ئینجا دەست بەقسە دەکەم.
بۆ ئەوەی چیتر تووڕەنەبم،
ئەوەندە ڕادەکەم، تا
دەکەومە هەناسەبڕکێ.
هەندێکجاریش بە هەموو
هێزمەوە شەق لە تۆپەکەم
دەدەم.



کاتێک توورەم، هەوڵدەدەم ڕێگایەک بدۆزمەوە ئارامبکاتەوە.
هەندێکجار باسی بێتاقەتی خۆم بۆ تۆپەکەم یان گیانداران دەکەم.
یا لەگەڵ دار و دیواردا قسەدەکەم. وەکو ئەوەی ئەوان لێم تێبگەن.




هەوڵیشدەدەم  بیر لە شتی باش بکەمەوە .
بەمجۆرە لە بیرم دەچێتەوە کە تووڕەبووم.



منداڵی بچکۆلە ناتوانێت بڵێت بۆچی
تووڕەیە، بەڵام ئێمە دەتوانین باسی
هەستی خۆمان بکەین. کاتێک کەسێک
تووڕەدەکەین، باشترین شت ئەوەیە
یەکسەر پێی بڵێین:
«داوای لێبوردن دەکەم».




















**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپکراوە